گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(2).Paper28

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 2023/07/03
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 2023/09/01
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: 2024/4/29

# هۆكارەكانی توندوتیژیی زارەكی بەرامبەر قوتابی- توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە قوتابخانە بنەڕەتییە حكومییەكانی شاری هەولێر

ڕێژاو نیهاد عبدالله[1] - عزالدين عبدالصمد رسول[2]

rezhaw.abdullah@su.edu.krd izaddin.rasool@su.edu.krd

[1+2] بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە:** توندوتیژیی بە شێوەیەكی گشتی، بە هەمو جۆرەكانییەوە، بەتایبەتی توندوتیژیی زارەكی، یەكێكە لەو گرفتە كۆمەڵایەتی و دەرونیانەی كە لە ناوەندەكانی خوێندنا، بەڕادەیەكی زۆر بڵاوە و گرفتی پەروەدەیی دروستكردوە، چونكە جگەلەوەی دەبێتە هۆی گرفت و سەرئێشە بۆ خودی قوتابییەكە و كاریگەری دەخاتە كەسایەتیەكەی، لە هەمان كاتدا دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەروەدە و فێركردن.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشنابون بە لێكەوتەكانی توندوتیژیی زارەكی لەنێو قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییە حكومییەكانی شاری هەولێر. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوە بەكارهاتوە بریتییە لە میتۆدی چەندێتی لە ڕێگای ئامرازی پرسیارنامە. هەروەها كۆمەڵگای توێژینەوەش بریتییە لە قوتابخانە بنەڕەتییە حكومییەكانی شاری هەولێر، لەكۆی (125) قوتابخانەی بنەڕەتی شاری هەولێر، بەسودوەرگرتن لە نمونەی هەڕەمەكی سادە لە (10) قوتابخانە (381) قوتابی پێوەری توێژینەوەیەكەیان بەسەردا دابەشكرا و وەك یەكەی توێژینەوەكە هەڵبژێردران.

لە ئەنجامدا، توێژینەوەكە گەیشتۆتە ئەوەی كە لێكەوتەكانی توندوتیژیی زارەكی زۆر زیاتر لە جۆرەكانی دیكەی توندوتیژیی دەمێنێتەوە، لەهەمان كاتدا لە ئێستادا لە ژمارەیەك قوتابخانەكانی شاری هەولێر، بۆ ڕێكخستن و كۆنترۆڵكردنی قوتابیان، توندوتیژیی زارەكی جێگەی توندوتیژیی جەستەی گرتۆتەوە. هەروەها توندوتیژیی زارەكی لە نێوان خودی قوتابیانیشدا بەشێوەیەكی بەرچاو پەرەیسەندوە.

**كلیلە وشەكان:** توندوتیژیی، توندوتیژیی زارەكی، قوتابخانە بنەڕەتییەكان.

**پێشەکی:** دیاردەی توندوتیژیی بە هەمو جۆرەکانیەوە، بوەتە دیاردەیەکی بەربڵاو و لەسەر هەمو لایەنەکانی ژیان ڕەنگیداوەتەوە، بەهەمان شێوە قوتابخانەکانیش بەدەرنین لە بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە، بۆیە پێوست دەکات بە گرنگییەوە تەماشای بکەین و توێژینەوەی لە بارەوە بکەین، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم توێژینەوەیە توندوتیژیی زارەکییە لەنێو قوتابخانەکان، چونکە قوتابخانە بەهۆی ئەوەی کەناڵێکی گرنگی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی زۆر گرنگە کە لە دوای خێزان دێت (لیلی، 2017: 113)، بۆ پەروەردە و فێرکردنی منداڵ و دیاریکردن و دروستکردنی کەسایەتیەکەی. هەروەها دەسنیشانکردنی توانا و بەهرەکانیان و دەوڵەمەندکردنیان بە زانست و زانیاری نوێ، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا سود بە کۆمەڵگە بگەیەنن. بەڵام توندوتیژیی زارەکی وەک جۆرێکی دیکەی توندوتیژیی کە لە قوتابخانەدا بڵاوبۆتەوە، ئینجا ئەو توندوتیژییە لە مامۆستا بۆ قوتابی بێت یاخود لەنێوان قوتابیان خۆیان بێت، کاریگەی خراپ لەسەر کەسایەتی قوتابی دەبێت.

لە هەرێمی کوردستانیش چەندین توێژینەوە لەبارەی توندوتیژیی کراوە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام زۆر بەکەمی و بە تایبەتیش لەسەر توندوتیژیی زارەکی و کاریگەری لەسەر کەسایەتی قوتابی کراوە، بۆیە پێوست دەکات توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و گرنگی پێبدرێت، ئەم توێژینەوەیەش وەکو هەوڵێک بۆ ئەو مەبەستە تەماشا دەکرێت.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار تەوەر پێکهاتوە، لەتەوەری یەکەمدا لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە خراوەتەڕو. لە تەوەری دوەمدا تیۆرەکانی پەیوەست بەتوندوتیژیی زارەکی و جۆر و هۆکارەکانی توندوتیژیی باس دەکرێت، تەوەری سێیەم تایبەت کراوە بە جۆرەکانی توندوتیژیی زارەکی و لێکەوتەکانی، تەوەری چوارەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و لە کۆتایدا ئەنجامەکان، پێشنیاز و ڕاسپاردەکان باسکراوە.

## یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

**1.1 کێشەی توێژینەوەکە:** ئاشکرایە، توندوتیژیی دیارەیەکی تازە نیە، مرۆڤ پێی نامۆبێت، بەڵکو دیاردەیەکە ڕۆژانە فۆرم و جۆری نوێی لێ پەیدادەبێت، توندوتیژیی لەنێو قوتابخانەکانیش بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاوبۆتەوە، بە هەمو جۆرەکانیەوە، کە توندوتیژیی زارەکی یەکێکە لە توندوتیژییە سەرەکیەکانی نێو قوتابخانەکان و کاریگەری خراپی لەسەر قوتابی بەجێ دەهێڵێت بە تایبەتی لەڕوی کەسایەتی و ڕەفتارەوە، کە زۆرجار قوتابییەکە دەبێتە قوتابییەکی شەڕانگێز یا گۆشەگیر و ترسنۆک، زۆرجاریش دەبێتە هۆکارێک بۆ دواکەوتنیان لە قوتابخانە و لەدەستداتی کارامەییەکانیان (ابراهیم واخرون، 2019: 22).

هەر بۆیە دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی سەرەکی و چەند پرسیارێکی لاوەکیدا کورت بکەینەوە، هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی چییە؟ لەنێو قوتابیان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر. پرسیارە لاوەکییەکانی گرفتی توێژینەوەکەش خۆی لەم چەند خاڵەدا دەبینێتەوە:

- ئایا توندوتیژیی زارەکی لەنێو قوتابخانە بنەڕەتییەکان چۆنە؟
- ئایا جیاوازی ڕەگەزی ڕۆڵێکی هەیە لە ڕادەی توندوتیژیی زارەکی لە نێو قوتابخانەکاندا؟

**1.2 گرنگی توێژینەوەکە:** پرۆسەی پەروەدە و فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی پێگەیاندنی تاکێکی بەهێز لە کۆمەڵگەدا، قۆناغەکانی خوێندنیش بە تایبەتی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بە یەکێک لە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی قوتابی دادەنرێت، چونکە سەرەتای قۆناغی هەرزەکارییە (مەبەست لێی قۆناغی خوێندنی پۆلی 7، 8، 9ی بنەڕەتییە)، قوتابی لەو قۆناغە ئارەزو بە سەرکێشی دەکا و دەیەوێ خۆی بسەلمێنێت بەوەی قۆناغی منداڵی تێپەڕاندوە، هەر بۆیە زۆر هەستیار دەبێت، بۆیە دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە لە ڕوی پراکتیکیەوە کۆمەڵێک زانیاری نوێ سەبارەت بەجۆرەکانی توندتیژی زارەکی لە قوتابخانە ڕون دەکاتەوە، لە ڕوی تیۆریشەوە کۆمەڵێک زانیاری نوێ لە ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە سەرخانی بوارەکە دەکات.

**1.3 ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی هۆکار و لێکەوتەکانی توندوتیژیی زارەکی لەنێو قوتابیانی قوتابخانە بنەڕەتییە حکومییەکانی شاری هەولێر، ئەویش لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەم چەند ئامانجەی خوارەوە:

- دیاریکردنی هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر.
- ڕەنگدانەوەی توندوتیژیی زارەکی لەسەر قوتابی لەنێو قوتابخانەدا.
- ئاشنابون بەوەی کە ڕەگەز چ ڕۆڵێکی هەیە لە ئەنجامدانی توندوتیژیی زارەکی لە نێو قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێردا.

**دوەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیە (میتۆدی چەندایەتی) بەکارهاتوە، میتۆدی چەندایەتی پرۆسەیەکی هەمەچەشن و ئاڵۆزە، و پێویستی بە شیکارییەکی سەرەتایی هەیە (مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتا خاوانە دەکات کە توێژینەوەکە بەرهەمی دەهێنێت)، لەگەڵ ئەوەشدا (مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانە دەکات کە پێشتر شیکراونەتەوە)، یان شیکاری ئەنجامی توێژینەوەکانی دیکەی بەکارهێناوە (سارانتاکوس،2017: 615). دەکرێت بڵێین لە میتۆدی چەندایەتی توێژەر پەنا دەباتەبەر پرسیارنامە و شیکردنەوەی داتا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکەی (احجیج،2020: 270) لەم توێژینەوەیەشدا بۆ

دەستكەوتنی زانیارییەكان دەربارەی توندوتیژیی زارەكی لە قوتابخانەكاندا، توێژەر (پرسیارنامە)ی بەكارهێناوە.

**2.1 كۆمەڵگەی توێژینەوەكە:** كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە لەسەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییە حكومییەكانی شاری هەولێر پێكدێت، كە ژمارەی قوتابخانەكانی (125) قوتابخانەی بنەڕەتی حكومییە، كە (55) قوتابخانەی كچانە و (59) قوتابخانەی كوڕان و (11) قوتابخانەی تێكەڵاو پێكدێت.

خشتەی ژمار(1) كۆمەڵگەی توێژینەوەكە ڕوندەكاتەوە

| پەروەردە | جۆر | ژمارە | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ب.پ.ناوەندی هەولێر | كچان | 55 | 125 |
| | كوڕان | 59 | |
| | تێكەڵ | 11 | |

**2.2 نمونەی توێژینەوەكە:** لە كۆی (125) قوتابخانەی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە (10) قوتابخانەمان بەشێوەیەكی هەڕەمەكی هەڵبژارد، كە خۆی لە (5) قوتابخانەی كوڕان و(4) قوتابخانەی كچان و(1) قوتابخانەی تێكەڵاو دەبینێتەو، لەو ژمارەیە (381) قوتابیمان وەرگرت لە هەردو ڕەگەز، لە (10) لە قوتابخانە و گەڕەكی جیای شاری هەولێر، بۆ ئەوەی نمونەی هەمو قوتابخانە بنەڕەتییەكانی شاری هەولێری تێدابێت و بتوانرێت بەسەر هەمو قوتابخانەكەندا بگشتێنرێت.

خشتەی ژمار(2) نمونەی توێژینەوەكە دەخاتە ڕو

| پەروەردە | جۆر | ژمارە | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ب.پ.ناوەندی هەولێر | كچان | 4 | 10 |
| | كوڕان | 5 | |
| | تێكەڵ | 1 | |

## سێیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

3.1 **توندوتیژیی:** توندوتیژیی بەکارهێنانی فشارە، یان هێزە بەشێوەیەکی ناشەرعی یا نایاسایی کە پێچەوانەی یاسا بێت، لەپێناو کارتێکردن لەسەر ویست و ئیرادەی تاکێک، ئینجا ئەو هێزە عەقڵی بێت یا جەستەیی یان بەیەکەوە (بدوی، 1978: 441). هەروەها دەکرێت بوترێت توندوتیژیی ڕەفتارێکی هێرشبەرییە لەسەر بنەمای ئازاردان و ڕق لێبونەوە ئەنجام دەدرێت، واتە تاکی بەهێز هێرش دەکاتە سەر کەسێکی دیکە بە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی کەسی بەرامبەر و زیان پێ گەیاندنی، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێک یان لە ناوبردن و تێکدانی شتێکی دیکە (نعیم، 1986: 221).

3.2 **توندوتیژیی زارەکی:** لەناوەکەیەوە دەردەکەوێت کە توندوتیژییەکە لەڕێگای زار و زمان ئەنجام دەدەرێت، ئەم جۆرە توندوتیژییە ئامانجی دەستدرێژیکردنە سەر مافی کەسانی دیکەیە، وە ئازاردانیان لەڕێگای قسە، وشەی ناخۆش و ئازاردەر، زۆرجار توندوتیژیی زارەکی سەردەکێشێ بۆ توندوتیژیی کردەیی و جەستەیی(خلیفة، 2018: 102-103).

3.3 **قوتابخانە بنەڕەتییەکان:** بریتییە لە قوتابیانی قۆناغەکانی (7، 8، 9) بنەڕەتی کە تەمەنیان لەنێوان (13-15) ساڵی دایە، کە بە تەواوکەری خوێندنی ئامادەیی و زانکۆ دادەنرێت.

## چوارەم: تیۆرەکانی پەیوەست بەتوندوتیژیی زارەکی، جۆر و هۆکارەکانی توندوتیژیی

4.1 **تیۆرەکانی توندوتیژیی زارەکی:** ئەو تیۆرانەی کە توێژینەوە و شیکردنەوەی جیاوازیان بۆ توندوتیژیی کردوە لە زانستێک بۆ زانستێکی دیکە جیاوازە، گرنگترینیان ئەمانەن: تیۆری فیسیۆلۆجی، تیۆری بایۆلۆجی، تیۆری کۆمەڵایەتی، تیۆری دەرونی، تیۆری کۆمەڵایەتی دەرونی و ئەنترۆپۆلۆجی، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا خراوەتەڕو هەریەک لە ئاراستەی کۆمەڵایەتی، ئاراستەی دەرونی و ئاراستەی کۆمەڵایەتی دەرونییە.

4.2 **تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی:** ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ زانای کەنەدی ئەلبێرت باندۆرا( Albert Bandura) دەرونزانی کۆمەڵایەتی لە ساڵی (1921-2021) ژیاوە و ڕۆڵی گەورەی بینیوە لەپێش خستنی زۆربەی لایەنەکانی دەرونزانی کۆمەڵایەتی. وایدەبینێت توندوتیژیی ڕەفتارێکە تاک لەکۆمەڵگەوە فێری دەبێت، جەخت دەکاتە سەر تاک زۆربەی ڕەفتارە شەڕانگێزەکانی لەڕێگەی

تێبینیەوە فێری دەبێت و دواتر لاساییان دەکاتەوە(القحطاني، 2008: 114) گریمانە بنەڕەتییەکانی تیۆری فێربونی کۆمەڵایەتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی بنەڕەتی گرنگ دەکەن، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- تاک لە خێزان، کۆمەڵگە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن فێری جۆرەکانی توندوتیژیی دەبێت.
- ڕەفتارە توندوتیژییەکانی باوان کە بەکاری دەهێنێت بۆ تەمبێکردن و پەروەدەکردن هۆکارێکە بۆ فێربونی توندوتیژیی.
- ئەو توندوتیژییەی کە منداڵ لەنێو خێزان دەیبینێت لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرێ تا گەورە دەبێت.
- ئازاردانی منداڵ، وای لێدەکات لە کاتی گەورەبونیدا لەگەڵ هاوڕێیەکانی دوبارەی بکاتەوە.
- ئەو تاکانەی کە لەنێو خێزانێک دەژین و توندوتیژیی تێیدا پەیڕەو دەکرێ، بەهەمان شێوە فێری توندوتیژیی دەبن و تەنانەت ڕەفتارەکانیشیان شەڕانگێز دەبێت (بركات، 2011: 81).

4.3 **تیۆری تێکشکان (ألاحباط) وشەڕانگێزی**:بەناوبانگترین زاناکانی ئەم تیۆرە، نیل میللر، روبرت سیزر، جۆن دولارد و ئەوانی دیکە، سەرنجی ئەم زانایانە لەم تیۆرە بۆ لایەنی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە، ئەم تیۆرەش پەیوەست کراوەتەوە بەشەڕانگێزیەوە، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان تێکشکان و شەڕانگێزی هەیە، تێکشکان وەک نائومێدی و شەڕانگێزیش وەک وەڵامدانەوە ناوەڕۆکی تیۆرەکە پێکدەهێنێ، (عمارة، 2008: 46)، جەوهەری ئەم تیۆرەش خۆی لەم چەند خاڵە دەبینێتەوە:

- هەمو تێکشکانێک بەلایەنی زۆرەوە پێشبینی دەکرێت کاردانەوەی شەڕانگێزی لێ بکەوێتەوە.
- گریمانەی ئەوە دەکرێت پێش هەمو شەڕانگێزیەک، تێکشاندن بونی هەبوبێت، چونکە شەڕانگێزی بەناوبانگترین وەڵامدانەوەیە بۆ هەر بارودۆخێکی تێکشکاندن، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە شەڕانگێزی جەستەیی یا زارەکی، چونکە شەڕانگێزی ئاراستەی سەرچاوەی تێکشکانەکە دەکرێت، بەئامانجی لابردن یا کەمکردنەوەی سەرچاوەی تێکشانەکە (العرب، 2010: 1768).

4.4 **تیۆری کارلێکی هێمایی (التفاعل الرمزي)**: لایەنگرانی ئەم تیۆرە وای دەبینن کە مرۆڤ لەڕێگەی پرۆسەی کارلێکەوە فێری ڕەفتار دەبێت، بەهەمان شێوە نەوەکان فێری ڕەفتاری توندوتیژیی دەبن وەکو جۆرێک لە جۆرەکانی دیکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، لێرەدا دەتوانین تیۆری کارلێکی هێمای بەم چەند خاڵەی خوارە ڕونبکەینەوە:

- توندوتیژیی ڕەفتارێکە تاکەکان فێری دەبن لە میانەی پرۆسەی کارلێکردنەوە، هەروەک چۆن فێری ڕەفتارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی دەبن.
- فێربونی توندوتیژیی پەیوەستە بەجۆری ڕۆڵی ئەو تاکەی کە کارلێکی لەگەڵ دەکەی.

- تاک لە کۆمەڵگەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ فێری توندوتیژیی دەبێت، ئەویش بەچاولێکردن لە کەسێکی پێشەنگی خۆی.
- تاک فێری توندوتیژیی دەبێت لەو بەها و پێوەرانەی کە بۆچونی وایە توندوتیژیی لە هەندێ دۆخدا کارێکی باشە و ئامرازێکە بۆ یەکلای کردنەوەی ململانێیەکان، یا ڕێگەیەکە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی(بیبانی، 2017: 30).

## 4.5 جۆرەکانی توندوتیژیی:

4.5.1 **توندوتیژیی زارەکی:** ئەم جۆرە توندوتیژییە خۆی لە قسەکردن و هەڕەشەکردن و گاڵتەپێکردن و سەرزەنشتکردن دەبینێتەوە، بەڵام زۆرجار ئەو قسەکردنە پەل دەکێشێت بۆ توڕەبون و هەڕەشەلێکردن (سميرة، 2011: 87). ئەم جۆرە توندوتیژییە لە ڕێگەی زارەوە ئەنجام دەدرێت، کەرەستەکانی ئەم جۆرەش قسەکردنە، وەک دەربرین و قسەی نەشیاو، زۆر جاریش لە ڕێگەی ڕەفتارێکی ئازاربەخشەوە ئەنجام دەدرێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر لایەنی دەرونی کەسەکە دەبێت، وەک ناشیرینکردنی کەسانی دیکە، یا پەراوێزخستنیان بەچەند شێوەیەک یاخود ناوهێنانی کەسێک بە ئاژەڵ و نەفام، ئەوەش کاریگەری دەرونی لەسەر تاک بەجێ دەهێڵێت (شيماء و زهية، 2021: 28).

ئەم جۆرە توندوتیژییە بە مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژیی دادەنرێت، کە کاریگەری دەخاتە سەر تەندروستی عەقڵی، لە ڕوی یاساییەوە، ئەم جۆری توندوتیژییە دانپێدانراوە، بەڵام هیچ کەسێکیشی لەسەر سزا نەدراوە، لەبەر ئەوەی ئەستەمە بتوانرێت پێوانە بکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە توندوتیژییە زۆرجار باوان بەئامانجی سەرکۆنەکردن و هەڕەشەکردن بەرامبەر منداڵەکانیان بەکاری دەهێنن، لەبەرئەوە یەکێکە لە دیاردە باوەکانی دەستدرێژیکردن بۆسەر منداڵ لە قۆناغەکانی منداڵی و هەرزەکارییدا، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی پێشێلکردنی مافی منداڵ (السطالي، 2018: 101).

لە نێو قوتابخانەکانیشدا ئەم جۆرە توندوتیژییە بونی هەیە، بەتایبەت لە نێوان خودی قوتابیان، کە تێیدا قسەی ناشیرین و سەرزەنشتکردنی بەیەکتری دەکەن، یان دەنگی ناشیرین و نەشیاو لە کاتی وتنەوەی وانەکان لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆ وانەکان دەردەبڕن، لە بەرامبەر ئەوەشدا مامۆستایان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر قوتابیان توندوتیژیی زارەکی بەکاردەهێنن بە وتنی قسەی ناشرین و نەشیاو (ناصر، 2017: 28)، ئەوەش دەبێتە هۆکارێک بۆ

شكاندنەوەی كەسایەتی قوتابی، یان گۆشەگیركردنی كە دواجار زیان بە كۆی گشتی پرۆسەی خوێندن دەگەیەنێ، چونكە جاری واهەیە بەهۆیەوە قوتابی بە تەواوی واز لە خوێندن دەهێنێت.

4.5.2.**توندوتیژیی دەروونی:** هەمو ئەو ڕەفتار و جموجۆڵ و دەربڕینانە لە خۆدەگرێت كە كاریگەری دەخەنە سەر دەرونی تاك، وەک پەراوێزخستن و خراپ مامەڵەكردن و هەمو ئەوانەی لەڕوی دەرونیەوە زیان بە تاك دەگەیەنێت، بۆ نمونە پەراوێزخستنی منداڵ لەڕوی تەندروستی، سۆزداری و پەروەدەییەوە، یان گرنگی پێدانی زیاد لە پێوست و سەپاندنی فەرمانەكان و دوپاتكردنەوەیان هەر دەچێتە ئەو چوارچێوەیەوە (الخولی، 2008: 94)، ئەم جۆرە توندوتیژییەش لەڕێگەی كارێكەوە یا ڕێگریكردن لە كارێک ئەنجام دەدرێت كە بەپێی پێوەری كۆمەڵگە كاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر دەرونی تاک، زۆرجار ئەم جۆرە ڕەفتارانە لەسەر دەستی تاكێک یا كۆمەڵێكەوە ئەنجام دەدرێت كە خاوەن هێز و دەسەڵاتن وكاریگەری دروست دەكەن (الصیاح، 2018: 106).

لە ناوەندەكانی خوێندنیش ئەم جۆرە توندوتیژییە كاتێک سەرهەڵدەدات كە مامۆستا یا دەستەی كارگێری قوتابخانەكان سنوری ئازادیەكانی قوتابی بەرتەسک دەكەنەوە، یا هەندێ ڕێكاری بەهێز بەسەر قوتابیاندا جێبەجێ بكات، یاخود قوتابی وا هەست بكات لەوانی دیكە كەمتر تەماشا دەكرێت، ئەوەش كاریگەری دەكاتە سەر لایەنی دەرونی قوتابی بە تایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی كە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشخستنی كەسایەتی قوتابی لە هەمو ڕوەكانەوە.

4.5.2**توندوتیژیی جەستەیی:** هەمو ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە كە جوڵەی جەستەی تێدا بەكاردێت بۆ ئازاردانی كەسانی دیكە (خلیفة، 2018: 102). مەبەست لە توندوتیژیی جەستەی ڕەفتارێكی توندوتیژ ئامێزی ئاراستەكراوە بەرامبەر كەسانی دیكە بە ئامانجی ئازارپێگەیاندنیان، وەک: لێدان، ڕاكێشان وپاڵپێوەنان، شەق تێهەڵدان، قژ ڕاكێشان، كە زۆرجار هەڵچونی توند و توڕەبونێكی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت بە ئاراستەی سەرچاوەی توندوتیژییەكە و پەلاماردانی، هەر بۆیە زۆربەی زانایان ئەم جۆرە توندوتیژییە بە كۆنترین توندوتیژییەكان لە قەڵەم دەدەن (الطیار، 2005: 30).

لە پێشودا لێدان لە قوتابی، یا ئەنجامدانی توندوتیژیی جەستەیی بەرامبەر بە قوتابی لە هەندێک لە ناوەندەكانی خوێندن وەكو بەشێک لە پرۆسەی پەروەدەكردنی قوتابی سەیر دەكرا، ئەویش بەهۆی نەبونی كەسانی شارەزا یا توێژەرانی كۆمەڵایەتی، یا نەكردنەوەی خولی پێویست بە مامۆستایان بۆ چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو قوتابیانەی كە ناتوانن بە ئاسانی كۆنترۆڵ بكرێن.

4.5.3**توندوتیژیی هێمایی:** ئەم جۆرە توندوتیژییە جیاوازە لە توندوتیژیی جەستەیی یا توندوتیژیی زارەكی ڕاستەوخۆ، ئامانج لە توندوتیژیی هێمایی بەكارهێنانی ڕێگەكانی دەربڕینە یا هێمایە كە

هەوڵ دەدرێ لەڕێگەیەوە هەڕەشە لە کەسی بەرامبەر بکرێ یا سوکایەتی پێ بکرێ بە ڕەفتارێکی دیاری کراو یا بەشێوەی ئیهانەکردن تەماشای بکات (لعصماني، 2012: 49). توندوتیژیی هێمایی لە ڕێگەی جوڵە و ئاماژەوە دەبێت کە ئامانج لێی سوکایەتیکردنە بە کەسی بەرامبەر، کە دەبێتە هۆی بێزاری و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ڕق لێبونەوە لەلای تاک (نسیمة، 2011: 162).

لە ناوەندەکانی خوێندنیش، تاڕادەیەک توندوتیژیی هێمایی بونی هەیە، وەک ئەوەی لە ڕەفتاری مامۆستاکەوە بەرامبەر قوتابیەکانی دەردەچێت بەوەی دەیەوێت بیروڕای خۆی لە دەرەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بەسەر قوتابیاندا زاڵ بکات، یا لەنێوان خودی قوتابیان خۆیان ڕودەدات بەوەی قوتابیەک دەیەوێت بە هێما زیان بە قوتابی بەرامبەر بگەیەنێ، کە ڕەنگە کاریگەری گەورە بەجێ بهێڵێت چونکە توندوتیژییەکە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بیروباوەڕ و لایەنی ڕۆشنبیری کەسی بەرامبەر کە ناتوانێ بە ئاسانی لە بیری بکات و کاریگەریەکانی کەمبکاتەوە.

## 4.6 هۆکارەکانی توندوتیژیی

4.6.1 **خێزان:** خێزان بە یەکەیەکی بنەڕەتی بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە دادەنرێت، چونکە ئەو دامەزراوە گەورەیەیە کە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بون تێدا ڕودەدات، هەربۆیە کاتێک خێزان بە ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی هەڵدەستێت و ئەرکە پەروەدەی و کۆمەڵایەتیەکەی بە ڕێگەیەکی گونجاو ئەنجامدەدات و، ئەندامەکانی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان، ڕەوشت و ڕەفتاری باش پەروەدە دەکات، تاکێکی باشی دروست دەکات و پێشکەشی کۆمەڵگەی دەکات، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەو ئەرکەی بەباشی ڕاپەڕێنێ و تاکێکی سەرکەوتو بەرهەم بێنێ، لەو کاتەدا ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەکانی دیکەی کۆمەڵگە دەبێ، چونکە نابێتە تەواوکەری کەناڵەکانی دیکەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە لە ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانە، کە دوای خێزان بەکەناڵێکی گرنگی پێگەیاندنی تاک دادەنرێ ڕوبەڕوی چەندین کێشەی دەکاتەوە، وەک: سەرقاڵبونی دایکان و باوکان بەکاری دیکە و بێ ئاگابون لە چاودێریکردنی منداڵەکانیان، زیادبونی گرفتە خێزانییەکان و چەندین هۆکاری دیکە (لیلی، 2017: 112)، یان نازپێدانانی زۆر یاخود پەراوێزخستنیان لەلایەن دایک و باوک یا هەر ئەندامێکی خێزانەکەی، ناکۆکی و توندوتیژیی نێوان دایک و باوک و ئەندامانی خێزان، هەمو ئەمانە دەبنە هۆی چاندنی ڕەفتاری توندوتیژیی لە هەرزەکاردا (قەرەچەتانی، 2009: 452)، هەمو ئەمانەش کە لە ناو خێزان ڕودەدەن ڕۆڵی گەورەی دەبێت لەسەرهەڵدانی توندوتیژیی لە نێو قوتابخانەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا چەندین هۆکاری دیکەی خێزانی هەیە، وا لە قوتابی دەکات توندوتیژیی لە قوتابخانە ئەنجام بدات، وەک پەروەدەکردنی هەستی زاڵبون لای منداڵ، جیاوازکردن لە نێوان منداڵەکان، پەراوێزخستن، چاندنی هزری توندوتیژیی و پڕنەکردنەوەی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی قوتابی.

4.6.2**قوتابخانە:** قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی پەروەدەیی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەدوەم وێستگە دوای خێزان دێت، کە لەبنەڕەتدا ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پرۆسەی پەروەردە و گەشەی تەواوکاری لەڕوی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئاینی، زانستی، جەستەیی و کارامەییەکان، بەڵام لە ئێستادا لە زۆرێک لە قوتابخانەکان تەنیا گرنگی بە دەرچونی قوتابی لە وانەکان دەدرێت و تاڕادەیەکی زۆر ئەرکە پەروەردەیی و فێرکارییەکان فەرامۆش کراوە بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەوەش بوەتە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ لادانی ڕەفتاری لەلای قوتابیان (حسونة واخرون، 2012: 65)، زۆرجاریش بەچەند هۆکارێک قوتابخانە بۆتە هۆکاری بەرهەمهێنانی قوتابییەکی توندوتیژ، وەک هۆکاری: چڕ و زۆری پرۆگرامەکانی خوێندن، دروستکردنی فشار و پاڵەپەستۆ لەسەر قوتابی، بەکارهێنانی زمانی زبر لەکاتی وتنەوەی وانەکاندا، کەمی چالاکیە هونەری و وەرزشیەکان، لەگەڵ زۆری ژمارەی قوتابی لە پۆل، هاوکات هەندێ لە هۆکارەکانی دیکەی توندوتیژیی دەگەڕێتەوە بۆ خودی قوتابی، بۆ نمونە ژمارەیەک لە قوتابیان بۆ خۆدەرخستن و ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر توندوتیژیی ئەنجامدەدەن، یان بەهۆی ئەو خۆدەرخستنەوە دەخوازێ پارێزگاری لە خۆی بکات (الصبان، 2011: 19).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە قوتابخانە ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژیی، ئینجا ئەو توندوتیژییە لە ئەنجامی خراپی پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی بێت یان خراپی پەیوەندی نێوان خودی قوتابیان خۆیان، یاخود خراپی پەیوەندی قوتابی بە دەستەی کارگێری قوتابخانە بەرهەم دێ، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەڕەتی، کە قوتابی لە قۆناغێکی هەستیاری تەمەنیدایە.

4.6.3**کەسێتی و خودی قوتابی:** ئەم هۆکارە پەیوەندی بە خودی قوتابی خۆیەوە هەیە، وەک تایبەتمەندی دەرونی و هەڵچون لای قوتابی کە دەبێتە پاڵنەرێک بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی، هەربۆیە ژمارەیەک لە زانایان دەڵێن: "هەر کاتێک ئاستی زیرەکی قوتابی لاواز بێت ئەوە پاڵنەرەکان بۆ دژایەتی و توندوتیژیی زیاتر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا متمانە بەخۆ نەبون و نامۆبون دو حاڵەتن کەوا لە قوتابی دەکات هەست بە داڕوخانی دەرونی و بێزاربون بکات، هەربۆیە پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی وەک کەرەستەیەک بۆ گەڕاندنەوەی متمانە بەخود و بەدەست هێنانی ڕێز لە نێوان قوتابیان و کەسە نزیکەکانیان" (مزرقط، 2014: 61).

لەلایەکی دیکەوە خۆبەکەم زانین و بەراودکردنی خۆد بە هاوپۆلەکانی لە هەمو ڕوەکانەوە وەک بەدەست نەهێنانی نمرەی باش و بەشداری نەکردنی ڕۆژانە لە ناو پۆلدا و گرنگی پێ نەدان لەلایەن مامۆستا و هاوپۆلەکانی دەبنە پاڵنەر بۆ ئەوەی قوتابی توندوتیژیی ئەنجام بدات، جاری واش هەیە قوتابی لەڕوی مادییەوە خۆی بەهاوڕێیەکانی بەراود دەکات و خۆی بەکەم دەزانێ(الزهرانی، 2010: 28)، هەروەها دواکەوتن لە خوێندن و دەرنەچون، ئەو قوتابیانەی لە قۆناغی منداڵی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە هۆکارن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی، جگەرەکێشان، ماددەی هۆشبەر و حەبی بێ هۆشکەر هەمو ئەمانە هۆکاری کەسین و ڕۆڵیان هەیە لە ئەنجامدانی توندوتیژیی (الرواشدة، 2010: 1654).

4.6.4 **هاوڕێ**: قوتابی کاتێک دەچێتە بەر پرۆسەی خوێندن، تێکەڵابون و پەیوەندی لەگەڵ گروپێکی دیکە پەیدا دەکات کە جیاوازە لەو پەیوەندییەی کە پێشتر لە چوارچێوەی خێزاندا لەگەڵ برا و خوشکەکانی هەی بوە، ئەویش هاوڕێیەتییە لەگەڵ هاوپۆلەکانی قوتابخانە، کە بەقۆناغێکی هەستیار بە تایبەتی بۆ قۆناغی هەرزەکاری دادەنرێت و کاریگەری ڕاستەوخۆ و گەورەی لەسەر کەسایەتی قوتابی دەبێت، چونکە بەرکەوتن و تێکەڵاوبونی لەگەڵیان دەبێت و هەریەکەیان لە خێزان و پەروەردەیەکی جیاوە هاتون، ئەمەش دەبێتە یەکەم هەنگاو کە قوتابی دوچاری لادان ببێتەوە (شکور، 1997: 187)، چونکە زۆرجار خۆی لەنێو گروپێک دەبینێتەوە و ئینتمایی بۆ دەبێت، کە لە هەمان تەمەنی خۆیەتی و هەمان بیروبۆچون، پێداویستی، بەها و ئارەزویان هەیە، بەئاسانی دەتوانێت خۆی بسەلمێنێت و هەست بەهێمنی بکات، لاساییان دەکاتەوە و لەگەڵ ڕەفتار و ڕەوشتەکانی ئەوان هەنگاو دەنێت (عبود، 1994: 150)، ئەم جۆرە پەیوەندییە کاریگەری ڕونی لە سەر شێوە و ڕەوتی ژیانی قوتابی لە قوتابخانەدا هەیە جا بەشێوەیەکی ئەرێنی یان نەرێنی بێت، قوتابی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کۆدەبێتەوە یا دەچێتە ئەو گروپەوە کە لەگەڵیدا دەگونجێت، یا دەتوانێت پێداویستییەکانی پڕبکاتەوە، زۆجاریش قوتابی لەو گروپە سەرکەوتو نابێت ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی توندوتیژیی لە نێوانیان یان پەنا دەباتە بەر گروپێکی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بونی توندوتیژیی لەنێوان قوتابییەکان و زۆرجاریش پەل دەکێشێت بۆ بەرهەڵستی دەسەڵاتی قوتابخانە و نانەوەی ئاژاوە (جعفر، 1992: 96).

هەربۆیە هاوڕێیەتی بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت لەلادان و ئەنجامدانی توندوتیژیی لە نێو قوتابخانەکاندا، چونکە قوتابخانە جگە لە ناوەندێک بۆ پەروەدەکردنی قوتابی، لەهەمانکاتدا ناوەندێکی گرنگە، کە قوتابی بە ئاسانی دەتوانێت هاوڕێیەتی دروست بکات و بچێتە گروپی جیاوازەوە.

4.6.5**کۆمەڵگە**: ئەو ناوەندەیە کە کاریگەرە بەو هەمو گۆڕانکاری و ڕوداوانەی کە لە دەروبەری ژینگەی تاک ڕودەدات؛ وەکو جەنگ و داگیرکاری کە توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە، کاتێک کە تاک هەست بە یەکسانی و دادوەری و ئاسایش لەنێو کۆمەڵگە ناکات وا هەست دەکات کە دوچاری پێشێلکاری مافەکانی بوەتەوە. هەروەها پێشکەوتن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە کاریگەری لەسەر ناوەندەکانی خوێندن هەیە، ئەوەش لەڕێگەی ئەو داب و نەریتەی کە بڵاوی دەکاتەوە، بەهەمان شێوە پەراوێزخستن وا دەکات کە تاکی توندوتیژ بەرهەم بێت، ئەو ناوچانەی کە پەراوێز خراون و ڕێز لە مافی مرۆڤ و تاکەکان ناگیرێت و پێداویستیەکانیان پڕناکرێتەوە وا دەکات کەسی توندوتیژیی تێدا دەربکەوێت، بەهەمان شێوە ئەو ناوچانەی کە بارودۆخی ئابوریان خراپە و خەڵکی هەژاری زۆری تێدایە بە هۆیەوە هەست بە نادادی و ستەم دەکەن ئەمەش وا دەکات کە زۆرجار منداڵی توندوتیژ ڕەوانەی قوتابخانە بکەن (محمد، 2011: 183). لەلایەکی دیکەوە دابەشکردنی سەروەت و سامان بەشێوەیەکی نادادی لە کۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی دروست بونی چینایەتی، هەر چینێک بەگوێرەی دۆخی ئابوریەکەی ڕەفتارەکانیان دیاری دەکات، بۆیە دروست بونی ململانێ لەنێوان ئەو چینانە دەبێتە شتێکی حەتمی دواتر بەئەنجامدانی توندوتیژیی نێوانیان کۆتایی دێت (الخولی،2008: 101).

کەواتە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵدانی دیاردەی توندوتیژیی لە کۆمەڵگادا، چونکە ژمارەیەک گۆڕاوی ژینگەی و کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر توندوتیژیی دروست دەکەن، هەربۆیە دەتوانین بڵێین توندوتیژیی بەڕێژەیەکی گەورە پەیوەستە بەو سیستەم و پێوەرانەی کە لە کۆمەڵگەدا باون(غزوان، 2016: 2165).

لێرەدا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە دۆخی ژیانی کۆمەڵگە یەکێکی دیکەیە لە هۆکارە سەرەکییەکانی توندوتیژیی بەتایبەتی توندوتیژیی قوتابخانەیی، پەروەردەبونی تاک لە ژینگەیەک کە پڕبێت لە توندوتیژیی و شەڕ و ئاشوب و نادادی، وا دەکات تاکێکی توندوتیژ و شەڕانگێزی لێ بەرهەم بێت و ئەو توندوتیژییەش ڕەنگدانەوەی لەناو قوتابخانە دەبێت، چونکە قوتابخانەش بەشێکە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییە.

4.6.6**ڕاگەیاندن**: دەزگا و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە بینراو بیستراو خوێندراوەوە ڕۆڵی گەورە دەبینن لە بونیادنانی ڕەفتاری توندوتیژ لە کۆمەڵگەدا، ئەویش لەڕێگەی ئەو بەرنامە و پڕۆگرامانەی کە پێشکەشی دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەگەر بەرنامەکان هاندان بن بۆ توندوتیژیی، وەک ئەو بەرنامە و زنجیرە درامایانەی کە پەخش دەکرێن جنێو و قسەی ناشرین و سوکایەتیکردن و

کوشتن و هێز وتوندوتیژیی تێدا بەکاردێ و، لەگەڵ واقعی ژیانی کۆمەڵگەدا نەگونجێت، هەربۆیە خراپ مامەڵەکردنی میدیا لەگەڵ بابەتە جیاکانی کۆمەڵگە و ناپرۆفێشناڵبون لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندن ڕەنگدانەوەی دیاری لەسەر خراپبونی دۆخی کۆمەڵگە دەبێ بەتایبەتی هەرزەکاران، کە بەهۆی لاسایکردنەوەی بەرهەمە خراپەکانی میدیا کەسێکی توندوتیژ دەربچێت (عجال و ربوش، 2017: 28). یان بەبەردەوامی پەخشکردنی پرۆگرامە وەرزشیەکانی وەک کاراتی و زۆرانبازی، کە هەندێجار وادەکات قوتابی لە قوتابخانە بەرامبەر هاوپۆلەکانی لاسایی بکاتەوە دوبارەی بکاتەوە (النیرب، 2008: 40).

توێژینەوە زانستییەکان ئاماژەیان داوە کە تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان و میدیای نوێ کە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا بوەتە پێویستییەکی ڕۆژانە، چەندین لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ مەترسی بۆ سەر ژیانی هەرزەکار دەبێ لەکاتێکدا ئەگەر خێزان لایەنی چاودێری فەرامۆش کرد ئەوە ڕو لەو یاریە ئەلیکترۆنیانە دەکەن کە پڕن لە توندتیژیی (عبده، 2004: 23).

کەواتە ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی نوێ یاخود تۆرە کۆمەلآیەتییەکان بەتایبەت ڕۆڵیان هەیە لەبڵاوکردنەوەی توندوتیژیی لەنێو قوتابخانەکاندا.

## پێنجەم: توندوتیژیی زارەکی و لێکەوتەکانی

5.1 **توندوتیژیی زارەکی:** زۆربەی توێژەران و زانایانی ئەو بوارە بە مەترسیدارترین جۆرەکانی توندوتیژیی ناوی دەبەن، چونکە شوێنەوارەکەی بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەمێنێتەوە ڕەنگە تا لەژیاندا ماوە کاریگەرییەکەی سارێژ نەبێتەوە، بەتایبەتی کاتێک ئەو جنێوانەی بەکاری دەهێنێت کاریگەری خراپی هەبێت بۆ سەر کەسایەتی قوتابییەکە یا کەسەکە.

توندوتیژیی زارەکی، بەماناکەی خۆی هێرشکردنە بە قسە یا جنێو بۆ سەر کەسێکی دیکە بەشێوەیەکی مەترسیدار یا ئامانجدار، کە ئامانج لێی زیانگەیاندنە بە کەسایەتیەکەی. توندوتیژیی زارەکی ئەو وشە و قسە ناشرینانەیە، کە بۆ هەڕەشەکردن سەر کەسی بەرامبەر بەکاردێ و، ئازارێکی زۆر لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێت، کە ڕەنگە کاریگەرییەکەی بۆ ماوەی درێژ لە قۆناغەکانی دیکەی تەمەنیدا هەر بمێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبونی بۆشایی لە کەسایەتی قوتابی هەرزەکاردا(اسماعیل، 2016: 2552).

هەربۆیە توندوتیژیی زارەکی هەمو ئەو قسە و وشە ناشرینانە دەگریتەوە، کە ئامانج لێیان شەرمەزارکردنی کەسی بەرامبەرە لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا، وەک ناوهێنانی بەخراپە و دەرخستنی خەسڵەتە خراپەکانی، شکاندنی شکۆ و کەرامەتی و ڕێزلێنەگرتن لە بەرامبەر کەسانی دیکە لەپێنا و شکاندنەوەی یا گاڵتەپێکردنی، بەهەمان شێوەی توندوتیژیی زارەکی بەکاردێت بۆ هەراسانکردنی بەردەوامی کەسی بەرامبەر، ئەویش لەڕێگەی بەکەم سەیرکردنی توانا و بیرۆکەکانی، یان ڕەخنەلێگرتن و هەڕەشەلێکردن و گاڵتەپێکردن، یاخود بەکارهێنانی هەندێ دەستەواژەی زارەکی وەک پەستکردنی، ترساندن و سوکایەتیپێکردن، هەمو ئەمانە ئامانج لێی پێشێلکردنی مافی ئەوانی تر و زیانگەیاندنە بەکەسانی بەرامبەر لەڕێگەی وشە و قسەی ناشیرین و نابەجێ، کە ئەمەش سەر دەکێشێت بۆ توندوتیژییەکانی دیکە، وەک توندوتیژیی جەستەیی(الشریف، 2012: 10).

لە توندوتیژیی زارەکیدا هەمو جۆرەکانی هەڕەشەکردن و سەرزەنشتکردن، کە تێیدا دەستەواژەی بریندارکردنی تێدا بەکاردێت دەگریتەوە، بەتایبەت کاتێک توندوتیژییەکان دەبەسترێنەوە بە جۆرەکانی دیکەی توندوتیژیی وەک توندوتیژیی جەستەیی، ئەم جۆرە توندوتیژییە لە زۆربەی بارودۆخە پەروەدەییەکان بەکاردێت بە ئامانجی ڕێگریکردن لەسەرهەڵدانی جۆرەک لەو ڕەفتارانەی کە لە ناوەندەکانی پەروەدە جێگەی قبوڵ نییە (الروسان، 2000: 147).

لە قوتابخانەکانیشدا، زۆرجار مامۆستا قسەی توند و بەرز و نزم بۆ تەمبێکردنی قوتابیەکانیان بەکاردەهێنن، ئەویش دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژیی زارەکیەوە.

5.2 **لێکەوتەکانی توندوتیژیی زارەکی:** لێرەدا پێویستە ئەوە ڕونبکەینەوە، توندوتیژیی زارەکی لەنێو قوتابخانەکان و ناوەندەکانی خوێندن، لێکەوتەو کاریگەری لەسەر قوتابی هەیە، بەتایبەتی لەڕوی دەرونی، کۆمەڵایەتی و پەروەدەییەوە، لە خوارەوە ئاماژە بە گرنکترین ئەو لێکەوتەکانە دەکەین بە تایبەتی لەسەر قوتابی:-

5.2.1 **لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکان:** لەڕوی کۆمەڵایەتی توندوتیژیی زارەکی جا لەلایەن مامۆستاکەیەوە بێت یا هاوپۆلەکانیەوە وا لە قوتابی دەکات، هەست بەسستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی بکات، لە پۆلدا زیندوێتی و چالاکی خۆی لە دەست بدات، بەرامبەر بەهاوپۆلەکانی و بەردەوام هەست بەترس و مەترسی و دڵەڕاوکێ بکات (الصبان، 2011: 23). زۆرجاریش دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ تەواوی دەروبەرەکەی داببڕێت، ببێتە هۆی پچڕانی پەیوەندیەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە وکشانەوە لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و گرتنەبەری شێوازی شەڕانگێزانە بەرامبەر بە کەسانی دیکە(الشریف، 2012: 16).

5.2.2 **لێکەوتە دەروونییەکان**: توندوتیژیی زارەکی لە ناوەندەکانی خوێندن چەندین لێکەوتەی دەرونی لێدەکەوێتەوە، وەک هەستکردن بەترس و تۆقاندن، وا لە قوتابی دەکات باوەڕی بەخۆی نەمێنێت و بەردەوام هەست بەتوڕەیی و دڵەڕاوکێ بکات. هەروەها هەستکردن بە نائارامی و ئاسایش لەناوەندەکانی خوێندندا (بن خليفة و حامد، 2020: 37). بەهەمان شێوە لەوانەیە ببێتە هۆی ناهاوسەنگی لە مێشکی قوتابیدا بەهۆی دوبارە بونەوەی توندوتیژیە زارەکیەکە کە ئازاردانی دەرونی خراپی لێدەکەوێتەوە، کە زۆرجاریش تەنها زیانەکەی بۆخۆی نەبێت بەڵکو کاریگەری بۆ سەر دەروبەریش دەبێت(اسماعيل، 2016: 2559).

5.2.3 **لێکەوتە پەروەردەییەکان**: لە ڕوی پەروەردەییەوە توندوتیژی زارەکی و یا دوبارەبونەوەی قسەی ناشرین لەلایەن مامۆستاوە بۆ قوتابی یا لەنێوان خودی قوتابیان خۆیان، زۆرجار جێگای قبوڵ نیە لای قوتابیان، ئەمەش دەبێتە هۆی وازهێنان لە خوێندن و دواکەوتن لە بەدەست هێنانی دەستکەوتی ئەکادیمی(الصرايرة، 2009: 139)، بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر ئاستی خوێندن و پەروەردەی قوتابی دەبێت و، وایی لێدەکات لە خوێندن دوابکەوێت ولەوانەکانیشدا دەرنەچێت، یا بەیەکجاری لە قوتابخانە دابڕێت (صليحة، 2013: 11).

5.2.4 **لێکەوتەی ڕەفتاری**: لە کاردانەوەی توندوتیژیی زارەکی وا لە قوتابی دەکات کە بێباک و دەمارگیربێت بێت بەردەوام توڕە بێت و گوێ بەهیچ شتێک نەدات، هەروەها هەست بەترس بکات، نەتوانێت تەرکیز بکات و خۆی ڕێکبخات و گرفتی پەرش و بڵاوی هەبێت(المتعاني، 2019: 238). بۆیە زۆجار پەنا دەباتە بەر ڕەفتاری دزییکردن و درۆ، لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێ ڕەفتاری زیان بەخش وەک خواردنەوەی مەیی و بەکارهێنانی مادەیی هۆشبەر، هەوڵدان بۆ خۆکوشتن، شکاندنی کەلوپەلی قوتابخانە، لەگەڵ هەمو ئەوانەشدا بەشێوەیەکی ڕادەبەدەر توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە و بەرامبەر هاوپۆلەکانی بەکار دەهێنێت (ويزة، 2019: 35)، ئەم توندوتیژییە کاریگەریەکی بۆ تەمەنی کامڵ بونیش بەردەوام دەبێت، ڕەنگە بگوزارێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی، زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن توندوتیژییەکان لەسەر ڕەفتاری تاک دەردەکەوێت و وای لێدەکات کەسێکی توندوتیژبێت و، ڕەفتاری توند بەرامبەر هاوپۆلەکانی بەکار بهێنێتەوە(الشريف، 2012: 17).

## شەشەم: خستنەڕو و شیکردنەوەی داتاکان

### 6.1 خستنەڕوی زانیارییە گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

خەسڵەت و تایبەتمەندییە گشتیەکان، چەند گۆڕاوێکی دیموگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیریی نمونەی توێژینەوەکە لە خۆدەگرێت، گرنگی ئەو زانیاریانەش لەوەدایە کە بەهۆیەوە ئاشنای زۆربەی لایەنەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەبین، لەم توێژینەوەشدا گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، داهاتی مانگانە، ئاستی خوێندەورای دایک و باوک، دایک یا باوک لە ژیاندا ماوە) شیدەکاتەوە، کە هەمویان گرنگن لە دەرخستنی ئاست و هۆکارەکانی توندوتیژییە زارەکی.

**یەکەم: ڕەگەز:**

ڕەگەز یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی ناسینەوەی یەکەکانی توێژینەوەکە، لەم توێژینەوەیەدا وەک لە خشتەی (٣) خراوەتهڤـڕو ڕەگەزی یەکەی توێژینەوەکە بەم شێوەیەیە.

**خشتەی (3) ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە ڕون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 167 | 43.8% |
| مێ | 214 | 56.2% |
| **کۆی گشتی** | **381** | **100.0** |

لەخشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێ بە ڕێژەی (56.2%) لە نمونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی (مێ)ن، بەڵام ڕێژەی (43.8%) لە ڕەگەزی (نێر)ن. لێرەدا ئەوە ڕون دەبێتەوە کە ڕێژەیی قوتابیانی ڕەگەزی مێ لە قوتابیانی ڕەگەزی نێر زیاترە، ئەوەش ڕەنگدانەوەی نمونەی توێژینەوەکەیە، کە لە قوتابخانەکان وەرگیراون.

**دوەم: دابەشبونی قوتابخانەکان بەپێی گەڕەکەکان:**

دابەشبونی قوتابخانەکان بەپێی گەڕەکەکان یەکێکە لە گۆڕاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە، چونکە جۆری قوتابخانەکان دەبێ بەپێی دابەشبونی گەڕەکەکان بێت، لە گەڕەکە میللییەکان قوتابخانەکان قەرەباڵغن و ژمارەی قوتابیان زیاترە لە قوتابخانەکاندا، بەڵام لە گەڕەکەکانی دیکەدا ژمارەی قوتابیان گۆڕانی بەسەردا دێ. خشتەی ژمارە(٤) دابەشبونی قوتابخانەکان بەپێی گەرەکەکان پیشان دەدات.

**خشتەی (٤) دابەشبونی قوتابخانەکان بەپێی گەڕەکەکان پیشان دەدات**

| گەڕەک | دوبارەبونەوە | % | قوتابخانە | دوبارەبونەوە | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاستی | 51 | 13.4% | گارا | 51 | 13.4% |
| مەنتکاوە | 21 | 5.5% | کاروان | 21 | 5.5% |
| هەڤالان | 24 | 6.3% | تەبایی | 24 | 6.3% |
| ڕوناکی | 25 | 6.6% | وەفایی | 25 | 6.6% |
| باداوە | 47 | 12.3% | ئاگریداغ | 47 | 12.3% |
| مامۆستایان | 24 | 6.3% | مەلافەندی | 24 | 6.3% |
| گولان | 24 | 6.3% | ژیلوان | 24 | 6.3% |
| ئازادی | 89 | 23.4% | ئازادی | 89 | 23.4% |
| نوسەران | 23 | 6.0% | بامۆک | 23 | 6.0% |
| مەلایان | 53 | 13.9% | سۆما | 53 | 13.9% |
| **کۆی گشتی** | **381** | **100.0** | **کۆی گشتی** | **381** | **100.0** |

لە خشتەی سەرەوەدا گەڕەک و قوتابخانەکانی نمونەی توێژینەوەکە پیشان دەدات کە ژمارەیان (10) قوتابخانەیە، لە (10) گەڕەکی جیاوازی هەولێر، بەم شێوەیە، قوتابخانەی گارا لە گەڕەکی ڕاستی (51) یەکە بە ڕێژەی (13.4%) بۆتە نمونەی توێژینەوەکە. قوتابخانەی کاروان لە گەڕەکی مەنتکاوە (21) یەکەیە بە ڕێژەی (5.5%). قوتابخانەی تەبایی لە گەڕەکی هەڤالان (24) یەکەیە بە ڕێژەی (6.3%). قوتابخانەی وەفایی لەگەڕەکی ڕوناکی (25) یەکەیە بە ڕێژەیی (6.6%). قوتابخانەی ئاگری داغ لە گەڕەکی باداوە (47) یەکەیە بە ڕێژەی (12.3%). قوتابخانەی مەلافەندی، لەگەڕەکی مامۆستایان (24) یەکەیە بە ڕێژەی (6.3%). قوتابخانەی ژیلوان لە گەڕەکی گولان (24) یەکەیە بە ڕێژەی (6.3%). قوتابخانەی ئازادی لە گەڕەکی ئازادی (89) یەکەیە بە ڕێژەی (23.4%). قوتابخانەی بامۆک لە گەڕەکی نوسران (23) یەکەیە بە ڕێژەی (6%). قوتابخانەی سۆما لە گەڕەکی مەلایان (53) یەکەیە بە ڕێژەی (13.9%). لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە قوتابخانەی ئازادی بەهۆی ئەوەی زۆرترین قوتابی هەیە زۆرترین ڕێژەیی نمونەی توێژینەوەکەی بەرکەوتوە.

**سێیەم: ئاستی خوێندەواری دایبابان:**

ئاستی خوێندەواری دایبابان، یەکێکی دیکەیە لە گۆڕاوە گرنگەکانی توێژینەوەکەیە، کە لەڕێگەیەوە دەتوانین ئاشنای شێواز و چۆنیەتی پەروەردەکردنی قوتابییەکان بین، وەک ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٥) پیشاندراوە.

**خشتەی (٥) ئاستی خوێندەواری دایبابان ڕون دەکاتەوە**

| دایبابان | نەخوێندەوار | دەخوێنێ و دەنوسێ | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | دبلۆم | بەکالۆریۆس | خوێندنی باڵا | نەماوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باوک | 28 | 37 | 59 | 92 | 49 | 31 | 66 | 7 | 12 | **381** |
| | 7.3% | 9.7% | 15.5% | 24.1% | 12.9% | 8.1% | 17.3% | 1.8% | 3.1% | **100** |
| دایک | 75 | 48 | 75 | 72 | 22 | 31 | 47 | 6 | **5** | **381** |
| | 19.7% | 12.6% | 19.7% | 18.9% | 5.8% | 8.1% | 12.3% | 1.6% | 1.3% | **100** |

لە خشتەی ژمارە(٥)، کە تایبەتە بەئاستی خوێندەواری دایبابان ئەوە دەردەکەوێت بەڕێژەی (24.1%) ئاستی خوێندەورای باوکیان ناوەندییە. لە ڕیزبەندی دوەمدا ئاستی خوێندەواری بەکالۆریۆس دێ، بەڕێژەی (17.3%)، بەڵام ئەو باوکانەی ئاستی خوێندەواریان سەرەتاییە ڕێژەی (15.5%) تۆمارکردوە، لەڕیزبەندی چوارەمدا ئاستی خوێندەواری ئەو باوکانە دێ، کە ئاستی خوێندەواریان ئامادەییە بەڕێژەی (12.9%). هەروەک بەڕێژەی (9.7%) باوکیان ئاستی خوێندەواریان تەنها دەتوانن بنوسن و بخوێننەوە، ئەو باوکانەشی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن ڕێژەی (8.1%) تۆمارکردوە. هەروەها نەخوێندەواریش بەڕێژەی (7.3%) دێ، جگە لەوەش بەڕێژەی (3.1%) باوکیان لە ژیاندا نەماوە، بەڵام بەڕێژەی (1.8%) لە ئاستی خوێندەواری باوکان لەئاستی باڵادایە.

**پەیوەشت بەئاستی خوێندەواری دایکی یەکەکانی توێژینەوەکە، ئەوەش ڕێژەکە جیاوازی هەیە، وەک** لە خشتەی ژمارە(٥) دەردەکەوێت، بەڕێژەی (19.7%) ئاستی خوێندەواری دایک لەقۆناغی سەرەتایی دایە، لەهەمان ڕیزبەندیدا و دیسان بەڕێژەی (19.7%) دایکی یەکەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن. پاشان ئاستی خوێندەواری ئەو دایکانە دێ، کە ناوەندین بەڕێژەی (18.9%). بەڵام ئەو دایکانەی تەنها توانای نوسین و خوێندنەوەیان هەیە ڕێژەکەی (12.6%). بەپلەیەکی کەمتر و بەڕێژەی (9.7%)، دایکی یەکەی توێژینەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەو دایکانەشی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن بەڕێژەی (8.1%) دێت، دواتر

ئەو دایکانە دێ، کە ئاستی خوێندەواریان لە قۆناغی ئامادەیدایە، بەڕێژەی (5.8%)، بەڵام ئەو دایکانەی هەڵگری بڕوانامەی باڵان (ماستەر و دکتۆرا) ڕێژەکەی (1.6%). لە کۆتایشدا بەڕێژەی (1.3%) دایکی یەکەکانی توێژینەکە لە ژیاندا نەماون.

**چوارەم: داهاتی مانگانەی خێزان**

داهاتی مانگانە یەکێکە لەو گۆڕاوانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر باروگوزەرانی خێزان و، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری قوتابی، خشتەی ژمارە (٦) داهاتی مانگانەی خێزان ڕون دەکاتەوە.

**خشتەی (٦)** داهاتی مانگانەی خێزان ڕون دەکاتەوە

| % | دوبارەبونەوە | داهاتی مانگانەی خێزان |
|---|---|---|
| 72.2% | 275 | نازانم |
| 9.7% | 37 | 1 - 500,000 |
| 12.1% | 46 | 500,001 - 1,000,000 |
| 3.4% | 13 | 1,000,001 - 1,500,000 |
| 1.8% | 7 | 1,500,001 - 2,000,000 |
| 0.8% | 3 | 2,500,001 - زیاتر |
| **100.0** | **381** | **کۆی گشتی** |

بە گوێرەی ئەو زانیارانەی لە خشتەی سەرەوەدا خراوەتە ڕو، ئەوە نیشان دەدات کە (275) یەکەی توێژینەوە بەڕێژەی (72.2%) نازانی داهاتی مانگانەی خێزانەکەیان چەندە، ئەوەش ڕیزبەندی یەکەمی لە یەکەکانی توێژینەوەکەی گرتوە. پاشان (46) یەکەی توێژینەوە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لەنێوان (-500,001 1,000,000) دیاریکردوە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی (12.1%). لە ڕێزبەندی سێیەمدا (37) یەکەی توێژینەوە داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لەنێوان (500,000 - 1) دەستنیشان کردوە، کە دەکاتە ڕێژەی (9.7%). لە ڕیزبەندی چوارەمدا (13) یەکە لە وەڵامدا دەڵێن داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان لەنێوان (-1,000,001 1,500,000) بەڕێژەی (3.4%)، لە ڕیزبەندی کۆتایدا یەکەی توێژینەوەکە داهاتی مانگانەی خێزانەکەی زیاترە لە (- 2,500,001زیاتر)دایە بەڕێژەی (0.8%) یەکەکان پێکدەهێنێ. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە زۆربەی یەکەی توێژینەوەکە داهاتی مانگانەی خێزانیان نازانن ئەویش بە هۆی ئەوەی لە تەمەنی هەرزەکاریدان.

## 6.2 خستەڕوی زانیارییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە:

بۆ زانینی هۆکار و لێکەوتەکانی توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا، بەسود وەرگرتن لە وەڵامی یەکەکانی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) و هەریەک لە ئامرازەکانی (ناوەندی ژمێریاری، لادانی پێوەری و ڕێژەی لەگەڵ بون) بەرزترین ئەو وەڵامانەمان دۆزیەوە کە لەلای قوتابی بەهۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی دەزانرێ.

خشتەی ژمار (٧)دیاریکردنی هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر ڕون دەکاتەوە

| ژ | هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕ.لەگەڵبون | بریار | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .1 | مامەڵەی توندی مامۆستا وادەکات، کە قسەی ناشرینی پێ بڵێین. | 3.38 | 1.42 | 67.56% | ناوەند | **14** |
| .2 | زۆرجار لە بەرامبەر بریار و ڕێنمایەکانی ئیدارە، دەنگم بەرزکردۆتەوە و توندوتیژم ئەنجام داوە. | 2.44 | 1.43 | 48.82% | نزم | **19** |
| .3 | هەر کاتێک مامۆستا گرنگی بە پرسیارەکانم نادات، هەست بەشکانەوە دەکەم و قسەی ناشرین دەکەم. | 4.08 | 1.14 | 81.57% | بەرز | **2** |
| .4 | قوتابیان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان وشەی نابەجێ بەیەکتری دەڵێن. | 3.62 | 1.40 | 72.39% | بەرز | **8** |
| .5 | زۆرجار لەسەر شوێنی دانیشتن لەناو پۆلدا لەگەڵ هاوڕێکانم بوەتە شەڕە قسەمان. | 3.90 | 1.35 | 78.06% | بەرز | **5** |
| .6 | بەشێک لە مامۆستاکانمان شێوازی وانە وتنەوەیان پڕە لە قسەی نەشیاو و جنێو و گاڵتە پێکردن. | 3.13 | 1.56 | 62.62% | ناوەند | **15** |
| .7 | لە هاوڕێکانمەوە فێری قسەی نەشیاو بوم. | 3.72 | 1.38 | 74.33% | بەرز | **6** |
| .8 | بەشێک لە مامۆستایان جیاوازی لە نێوان قوتابیان دەکەن، بۆیە بەقسە بێزاریم دەردەبڕم. | **4.24** | **1.12** | **84.83%** | زۆر بەرز | **1** |
| .9 | مامۆستایان لەحەز و ئارەزوەکانم تێ ناگەن، بۆیە قسەی ناشرین دەکەم. | 3.51 | 1.34 | 70.18% | بەرز | **12** |
| .10 | گرنگینەدانی ئیدارە بەسەرکەوتنەکانم تورەم دەکات و قسەی ناشرین دەڵێم. | 3.52 | 1.43 | 70.45% | بەرز | **11** |
| .11 | کەمی پشو لە نێوان وانەکان تورەم دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی قسەی ناشرین بکەم. | 4.04 | 1.22 | 80.79% | بەرز | **3** |
| .12 | کەمی چالاکییە وەرزشییەکان تورەم دەکات و بەهۆیەوە قسەی ناشرین دەڵێم. | 3.98 | 1.26 | 79.53% | بەرز | **4** |
| .13 | کەمی چالاکییە هونەرییەکان تورەم دەکات و بەهۆیەوە قسەی ناشرین دەڵێم. | 3.62 | 1.48 | 72.44% | بەرز | **9** |

| ڕیزبەندی | بڕیار | ڕ.لەگەڵبون | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێریاری | هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی | ژ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **7** | بەرز | 74.44% | 1.31 | 3.72 | دوچاری توندوتیژییی زارەکی دەبمەوە بەهۆی توندوتیژییی نێوان هاوپۆلەکانم. | 14. |
| **10** | بەرز | 71.97% | 1.45 | 3.60 | هەر کاتێک مامۆستا میزاجی تەواو نەبێت توندوتیژییی زارەکیم بەرامبەر دەکات | 15. |
| | بەهێز | **69.8** | | **3.49** | | کۆی گشتی |

لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا وەک لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر، دەرکەوتوە: هۆکارەکانی توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان زۆرن بۆیە ئاستێکی (بەهێز)ی تۆمار کردوە بە ناوەندی ژمێرەیی (3.49) خشتەکە بەزرترە لە ناوەندی گریمانکراو کە (3) یە، بەمەش دەردەکەوێ کە توندوتیژیی زارەکی لە قوتابخانەکان پەیوەندی بەچەندین هۆکار هەیە. لە سەر ئاستی بڕگەکانیش وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە:

لەڕیزبەندی یەکەمدا بەشێک لە مامۆستایان جیاوازی لە نێوان قوتابیان دەکەن، بۆیە یەکەکانی توێژینەوە بەقسە بێزاری دەردەبڕن. ئەمەش بە ناوەندی ژمێرەی (4.24) بە ڕێژەی (84.83%) لەگەڵ بون دێ، لە ڕیزبەندی دوەمدا، و بە ناوەندی ژمێرەی (4.08) بە ڕێژەی (81.57%) لەگەڵ بون یەکەکانی توێژینەوەکە هۆکارەکانی توندوتیژیی لەوەدا دەبیننەوە هەر کاتێک مامۆستا گرنگی بە پرسیارەکانیان نادات، هەست بەشکانەوە دەکەن، ئەوەش وادەکات قسەی ناشیرین بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کەمی پشو لە نێوان وانەکان دوبارە دەبێتە هۆی تورەبونی یەکەکانی توێژینەوە و ئینجا بەهۆیەوە قسەی ناشیرین دەکەن ئەمەیان بەناوەندی ژمێرەی (4.04) بە ڕێژەی (80.79%) لەگەڵ بون تۆمار کردوە. لە ڕیزبەندی چوارەم و پلەی بەرزدا یەکەکانی توێژینەوە بە بە ناوەندی ژمێرەی (3.98) بەڕێژەی (79.53%) لەگەڵ بون، هۆکاری توندوتیژیی دەگەڕێننەوە بۆ کەمی چالاکییە وەرزشییەکان، کە وادەکات تورەیان دەکات و بەهۆیەوە قسەی ناشیرین دەڵێن. لە ڕیزبەندی کۆتایشدا کە نزمترین ئاستی تۆمار کردوە بەوەی زۆرجار لە بەرامبەر بڕیار و ڕێنماییەکانی ئیدارە، دەنگم بەزرکردۆتەوە و توندوتیژیم ئەنجام داوە، بە ناوەندی ژمێرهیی (2.44) بەڕێژەی (48.82%) لە گەڵ بون تۆمار کردوە.

جگە لەوانەش، یەکەکانی توێژینەوە هۆکارەکانی دیکەی توندوتیژیی زارەکی دەگەڕێنەوە بۆ، شوێنی دانیشتن لەناو پۆل، کە بەهۆیەوە لەگەڵ هاوڕێکانیان بوەتە شەڕە قسە، ئەوەش وایکردوە لە هاوڕێکانیانەوە فێری قسەی نەشیاو بن و، دوچاری توندوتیژیی زارەکی ببنەوە، هەندێجاریش بەهۆی توندوتیژیی نێوان هاوپۆلەکان، قوتابیان بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان وشەی نابەجێ بەیەکتری بڵێن ئەمەش بۆتە هۆکاری دیکەی بڵاوبونەوەی توندوتیژییی زارەکی. هەروەها کەمی چالاکییە هونەرییەکان، خراپی و ناتەواوی میزاجی مامۆستا لە هەندێ

كاتدا، گرنگینەدانی ئیدارە بەسەركەوتنەكانیان، تێنەگەیشتنی مامۆستایان لەحەز و ئارەزو و خولیای یەكەكانی توێژینەوە، لەگەڵ قسە پێ وتنی مامۆستایان بەو قوتابیانەی كە وانەیەك ئامادە ناكەن لە هۆكارە دیارەكانی دیكەی توندوتیژیی زارەكین و، وەك لە خشتەكەدا دەركەوتوە ئاستێكی بەرزیان تۆمار كردوە .

## حەوتەم: دەرئەنجامەكان، پێشنیاز و ڕاسپاردەكان

### 7.1 دەرئەنجامەكان

1) هۆكارەكانی توندوتیژیی زارەكی لەنێو قوتابخانەكان زۆرن و ژمارەیەكیان دەگەڕێتەوە بۆ مامۆستا و هەندێكی دیكەیان دەگەڕێتەوە بۆ خودی قوتابیەكە خۆی.
2) بونی جیاوازی كردن لەنێوان قوتابیاندا لەلایەن بەشێك لە مامۆستاكانەوە، بوەتە هۆی كاردانەوە لەلایەن قوتابیەكانەوە بەشێوەی زارەكی.
3) گرنگیپێنەدانی مامۆستا بە پرسیار و ئارەزوەكانی قوتابی، هۆكارێكی دیكەی توندوتیژیی زارەكی قوتابیانە.
4) كەمی پشو لەنێوان وانەكان و كەمی چالاكیە هونەری و وەرزشیەكان هۆكارێكە بۆ ئەنجامدانی توندوتیژیی زارەكی لەلایەن قوتابیەكانەوە.
5) قوتابیان بە مەبەستی پارێزگاریكردن لەخۆیان هەوڵ دەدەن توندوتیژیی زارەكی بەكاربهێنن بە تایبەتیش قسەی نەشیاو بەرامبەر یەكتر.
6) قەرەباڵغی لە پۆل و نەبونی شوێنی پێوست بۆ قوتابی، هۆكارێكە بۆ دروستبونی شەڕە جنێو و توندوتیژیی زارەكی لەنێوان قوتابیان.
7) گرنگینەدان بە حەز و ئارەزو قوتابی و پەراوێزخستنی قوتابی لەلایەن ئیدارەكی قوتابخانەكان توندوتیژیی زارەكی لێ دەكەوێتەوە.

### 7.2 پێشنیازەكان:

1) خێزان زیاتر گرنگی بە منداڵەكانیان بدەن، بتوانن منداڵێكی پەروەدە كراو ڕەوانەی ناوەندەكانی خوێندن بكەن، چونكە خێزان ڕۆڵی گەورەی هەیە لە كەمكردنەوەی توندوتیژییەكان لەناوەندەكانی خوێندن.
2) لە ناوەندەكانی خوێندن ڕۆڵی ڕێنمایكارانی پەروەدەیی زیاتر بكرێت و گرنگیان پێ بدرێت لەلایەن وەزارەتی پەروەدەوە بۆ ئەوەی ببنە هۆكارێك بۆ كەمكردنەوەی توندوتیژەیەكان بە تایبەتی توندوتیژیی زارەكی.
3) حكومەت گرنگی زیاتر بدات بە ناوەندەكانی خوێندن و دروستكردنی بینایی قوتابخانەی نوێ، بۆ كەمكردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆی لەسەر قوتابخانەكان هەیە.
4) وەزارەتی ڕۆشنبیری زیاتر ئاگاداری دەزگاكانی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا بێت و چاودێریان بكات، چونكە ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە بڵاوكردنەوەی توندوتیژییەكان بە تایبەتی توندوتیژیی زارەكی.

5) پەرلەمان وەکو ئەرکی سەرەکی خۆی لە ڕێگای لیژنەکانیەوە زیاتر چاودێری وەزارەتی پەروەدە و ناوەندەکانی خوێندن بکات.

### 7.3 ڕاسپاردەکان:

1) ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە خوێندگە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.
2) ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە ڕوانگەی توێژەرانی کۆمەڵایەتیەوە لە ناوەندەکانی خوێندن.

# Factors of Verbal Violence Towards Students: Field Study in Public Basic Schools in Erbil City

**Rezhaw Nihad Abdulla[1] - Izaddin Abdulsamad Rasool[2]**

[1+2]Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

Violence in general, in all its forms, particularly verbal abuse, is one of the social and psychological problems facing educational institutions. Verbal abuse is widely spread and created educational problems, because in spite of this causing problems and disorders for the student and the effect of his/ her personality. Hence, the main purpose of this study is to identify the causes of verbal abuse toward students in public basic schools in Erbil city. For this purpose, the research, which used the quantity method, in the 125 basic schools of Erbil city, using samples in 10 schools, 381 students were assigned to the research criteria and as the research unit selected.

As a result, the research has reached that "the impact of verbal violence, remains much more than other forms of violence, because the verbal violence had a direct effects on the student's passion and mind, at the same time, the research demonstrate, now in a number of Erbil's School, for controlling and organizing students, body violence has taken the place of verbal violence, and the results shows us that the verbal violence, among students itself, has increased in a considerable way.

**Key concepts**: Violence, Verbal Violence, Student, School, Basic schools.

## سەرچاوەکان:

ابراهيم، ابراهيم جلالين؛ حسن، محمد عبدالمجيد عبدالغني؛ السيد، حمزه احمد ابراهيم؛ بونمي، علوي بن احمد بن علوي؛ الحبي، سبمان بن مسلم سليمان؛ الزهراني، يوسف محمد فارس؛ المالكي، مسلم بن سليم مسلم؛ السمنودي، سلطانة فيصل؛ عبدالقادر، امال عبدالله اسعد؛ السهيلي، الهام صالح مهدي؛ كرج، لجين احمد ناصر و الزهراني، هند حسين ال شريم (2019) تاثير العنف اللفظي على سلوك الأبناء -دراسة ميدانية فى مدينة جدة. بحث العلمي. مجلة المودة. اصدار 41 . سعودية: جمعية المودة للتنمية الاسرة.

احجيج، حسن(2020) مدخل الى علم الاجتماع. بيروت: مؤمن للنشر و التوزيع.

اسماعيل، ايناس حسن على(2016) بعض المحددات الاجتماعية لانتشار العنف اللفظى واثاره الثقافية لدى الشباب المعاصر. رسالة ماجستر غير منشورة. مصر: جامعة المنيا. مجلة الدراسات العربية. مجلد 33. عدد 5 :2547-2614.

بدوى، احمد زكى (1978) معجم مصطلحات العلوم الاجتماعيه. بيروت: مكتبة لبنان.

بركات، علي(2011) العوامل المجتمعية للعنف المدرسي. دمشق: الهيئة العامة السورية للكتاب.

بن خليفة، مريم و، حامد، مفيدة(2020) الضغوط النفسية وعلاقتها بالعنف المدرسي لدى تلاميذ الرابعة متوسط. رسالة ماجستر غير منشورة. جزائر: جامعة الشهيد حمه لخضر-الوادي.

بيباني، ئەركان شفيق رشيد (2017) توندوتیژیی خوێندکاران- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ڕوانگەی مامۆستایانی خوێندنی کوردی لە شاری کەرکوک. نامەی ماستەری بڵاونەکراوە. سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.

جعفر، على محمد(1992) علم الاجرام و العقاب دراسة تحليلية لظاهرة الاجرام والسياسة العقابية. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

حسونة، محمد؛ سلام، محمد توفيق و الشرقاوى، عادل عبدالله(2012) العنف فى المدرسة الثانوية مشكلة تعرقل مسيرة التعليم والتربية. قاهرة: مكتب الجامعي الحديث.

خليفة، ابتسام سالم (2018) مظاهر العنف الاسري ضد الآطفال واثره على المجتمع واستراتيجيات الحد من هذه الظاهرة. ليبيا: مجلة كليات التربية. مجلد الثاني العشر العدد23: 90-110.

الخولى،محمود سعيد (2008) العنف المدرسي الأسباب وسبل المواجهة. مصر: مكتبه الانجلو.

الرواشدة، علاء(2010) اتجاهات الطلبة نحو ظاهرة العنف المدرسي-دراسة ميدانية تحليلة في علم الآجتماع التربوي. البحث العلمي. الأردن: جامعة البلقاء التطبيقية. كلية عجلون الجامعية.

الروسان، فاروق(2000)تعديل وبناء السلوك الانساني. عمان: دار الفكر للطباعة والنشر.

الزهراني، حسن على محمد (2010) المشكلات النفسية و الاجتماعية والتعلمية لدى عينة من طلاب كليات المعلمين المتأخرين في التحصيل الأكاديميي في ضوء بعض المتغيرات. رسالة ماجستر غير منشورة. السعودية: جامعة الملك سعود.

سارانتاكوس، سوتيريوس(2017) البحث الاجتماعي. ترجمه: شحدة فارع. بيروت: المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات.

السطالي، نرمين حسن(2018) سيكولوجية العنف واثره على التنشئة الأجتماعية للأبناء. قاهرة: السعيد للنشر و التوزيع.

سميرة، عبدي(2011) الضغط المدرسي وعلاقته بسلوكيات العنف و التحصيل الدراسي لدى المراهق المتمدرس. رسالة ماجستر غير منشورة جزائر: جامعة مولود معمري.

الشريف، منصور محمد(2012) الاساءة اللفظية الموجهة من المعلمين لطلبة الصف الاول الثانوي وعلاقتها بمفهوم الذات والتحصيل الدراسي من وجهة الطلبة. رسالة ماجستر غير منشورة. الاردن: جامعة مؤته.

شكور، جليل وديع، (1997) العنف والجريمه. بيروت: الدار العربية للعلوم.

شوانی، محمد(2015) سەرەتایەک بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا. هەولێر: چاپخانەی هێڤی.

الصبان، عبير بنت محمد (2011) خبرات العنف الاسري والمدرسي لدى عينة من طالبات المرحلة المتوسطة والثانوية في مدارس التعليم العام بالعاصمة المقدسة. السعودية: مجلة بحوث التربية النوعية. جامعة المنصورة. عدد2:21-56.

الصرايرة، خالد(2009) اسباب سلوك العنف الطلابي الموجة ضد المعلمين و الادارين في المدارس الثانوية الحكومية في الاردن من وجهة نظر الطلبة و المعلمين والاداريين. المجلة الاردنية في العلوم التربوية. مجلد5. عدد 2. 137-157.

صليحة، حلوي(2013) تاثير العنف اللفظي على التحصيل الدراسي لدى تلاميذ الطور الابتدائي. رسالة ماجستر غير منشورة. جزائر: جامعة اكلي محند أو لحاج البويرة.

الصياح، خالد عبدالله محمد(2018) أساليب التنشئة الاسرية والتحصيل الدراسي كمنبئات بالعنف لدى عينة من طلاب المرحلة الثانوية بالمملكة العربية السعودية. أطروحة دكتورا غير منشوره. سعوديا: جامعة الملك سعود.

الطيار، فهد على عبدالعزيز(2005) العوامل الآجتماعية المؤدية للعنف لدى طلاب المرحلة الثانوية-دراسة ميدانية لمدارس شرق الرياض. رسالة ماجستر غير منشوره. رياض: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.

عبده، محمد فتحى (2004) الانترنيت ودورها في انتشار المخدرات. الرياض: اكاديمية نايف العربية للعلوم الآمنية.

عبود، علاء جابر السيد(1994) العدوان لدى تلاميذ الحلقة الثانية من التعليم الاساسي وعلاقتة باساليب التنشيئة الاجتماعية كما يدركونها. رسالة ماجستر غير منشورة. القاهرة: جامعة عين شمس.

عجال، حفيظة و، ربوش، عليمة (2017) العنف اللفظي في المدرشة الجزائرية من الواقع الى المامول - دراسة ميدانية في ثانوية سعدي حراث و ثانوية مزهودي ابراهيم. رسالة ماجستر غير منشوره: جزائر: جامعة العربي التبسي.

العرب، أسماء ربحي(2010) العنف ضد الطفل من وجهة نظر أولياء الأمور في المجتمع الريفي : الأشكال و الآثار. أبحاث اليرموك: سلسلة العلوم الإنسانية و الاجتماعية.مجلد 27. عدد 2: 1764-1778.

عمارة، محمد على(2008) برامج علاجية لخفض مستوى السلوك العدواني لدى المراهقين. الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

غزوان، انس عباس(2016) العنف الاسري ضد الاطفال وانعكاسه على الشخصية. دراسة اجتماعية ميدانية في مدنية الحلة. الكوفة: مجلة جامعة بابل العلوم الانسانية. مجلد 23 عدد4: 2155-2175.

القحطاني، نورة بنت سعد(2008) التنمر بين طلاب و طالبات المرحلة المتوسطة في مدينة الرياض دراسة مسحية. اطروحة دكتوراه غير منشورة. رياض: جامعة الملك السعود.

قەرەچەتانی، شریف (2009) سایکۆلۆژیای گەشە(منداڵ و هەرزەکار). سلێمانی: چاپخانەی پیرە مێرد.

لعصماني، عبدالله ابراهيم(2012) العنف المدرسي وعلاقتة بالنمو أخلاقي. رسالة ماجستر غير منشورة. سعوديا: جامعة ام القري.

ليلى، ناجي(2017) ظاهرة العنف لدى التلاميذ فى المرحلة الثانوية اسباب والحلول. البحث العلمي. جزائر: مجلة العلوم الأجتماعية والأنسانية. مجلد 2. عدد 10: 105-124.

المتعاني، خالد بن محمد بن خلف الله ال ملفي(2019) الاساءة اللفظية من المعلمين وعلاقتها بتقدير الذات لدى طلاب المرحلة الثانوية في محافظة جدة. المجلة العلمية لكلية التربية- جامعة اسيوط. مجلد 35. عدد9 : 228- 260.

محمد، فاطمة كمال (2011) العنف المدرسى عند الأطفال وعلاقتة بفقدان احد الوالدين. العراق: مجلة دراسات تربوية. مجلد الرابع. العدد14: 179-208.

مزرقط، زهرة (2014) دور مستشار التوجية في التقليل من ظاهرة العنف المدرسي. رسالة ماجستر غير منشوره. جزائر: جامعة الوادي.

ناصر، محمد حسين(2017) العنف المدرسي وعلاقته بالمهارات الآجتماعية لدى طلبة المرحلة الثانوية في المدارس الحكومية في مدينتي رام الله و البيرة. رسالة ماجستر غير منشورة. فلسطين: جامعة القدس المفتوحة.

نسيمة، عيساوى (2011) العنف اللفظي الآسري من المنظور السوسيولوجي. أطروحة دكتوراه غير منشورة. جزائر: جامعة الجزائر2.

نعيم، الرافعى (1986) الصحة النفسية. ط6. القاهره: مطبعة خالد بن الوليد.

النيرب، عبدالله محمد (2008) العوامل النفسية والأجتماعية المسئولة عن العنف المدرسي في المرحلة الآعدادية كما يدركها المعلمون و التلاميذ في قطاع غزة. رسالة ماجستر غير منشورة. فلسطين: الجامعة الآسلامية- غزة.

ويزة، معمري(2019) العنف المدرسي وأثاره السلبية على شخصية المراهق بالمؤسسات التربوية الجزائرية. البحث العلمي. الجزائر: المجلة المغربية للتقييم والبحث التربوي. عدد1: 29-38.